# چاوەکانی
## درکاندنی نهێنییەکانی عاشقێک




**ناوی کتێب: چاوەکانی**
**بابەت: ڕۆمان**
**نووسەر: بوزورگی عەلەوی**
**وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی**
**لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات**
**ساڵی چاپ: 2010**
**لاپەڕە: 248**
**ڕانانی: فەرەنگیس**

کاتێك عشق دەخزێتە ناو هەموو پنتەکانی کەسێك- یان کۆمەڵگایەکەوە، ڕووداوەکانیش جوانترو باشتر دەچنەپێش، بەتایبەتی لەحاڵەتی قوربانیداندا گەر لەپێناو (ئەوین)دا بێت، ئەم عشقە نموونەیی و جاویدانی دەبێت و دەمێنێتەوە، وەکو لەم ڕۆمانەدا دەردەکەوێت.

لەم ڕۆمانەدا عشق بەشێوەیەك باڵی بەسەر پێکهاتەکانی تری ڕۆمانەکە، تەنانەت بەسەرچەمکی (سیاسەت، سۆزانییەت، پارەو ستەم و چەوساندوە، ئازارو زیندان و نەخۆشی و خەباتی نهێنیدا گرتوە.

فەزایەکی وا دەدات بەرۆمانەکە، خوێنەر ناتوانێ لەگرنگی ئەم عشق و سیاسەتە خۆی بەدووربگرێت.

تا بەرادەیەك تێکەڵکێشن چۆن سیاسەت دەبێتە پەیوەندی نێوان دووکەس و عشق پیرۆز دەکات، بەهەمان شێوە هەر خودی سیاسەتیشە هەردوو عاشق بەچارەنووسێکی نادیار دەگەیەنێت، بەڵام بەدەر لەرازیبوونی خۆیان، تابلۆیەك ئەو رازە سیحراویانەی ئەو عشقە دەگێڕێتەوە.

ڕاستە لەوڵاتێکدا کەستەم و چەوسانەوە هەبێت، مانایەك بۆ عشقیش نامێنێت، بەڵام گرنگی و جوانی عشقیش لەوکاتەوە دەردەکەوێت، کەچۆن دەتوانێ جوانییەکانی عشق لەو بارودۆخە، پڕ لەمیحنەتەدا بدۆزێتەوە، وەکو (فەرەنگیس وماکان)دەیدۆزنەوە.

* * *

مامۆستا ماکان مرد، بەڵام لەغوربەتداو هەندێکیش دەیانوت خۆشەویستی ئافرەتێك بەو دەردەی گەیاندو ڕووناکبیران بۆچونیان وابوو، کە عشق ژیانی ئەوی دایە دەست مەرگ.

ئەمە سەرەتای ڕۆمانی چاوەکانە، کەدەکرێت هەرسێ بۆچونەکە ڕاستبن، لەبەرئەوەی عشق و ژیان و دووری لەفەرەنگیس و عشقی بۆ ژیان هەرسێکیان مامۆستایان بەو ڕۆژە گەیاند.

بەڵام چارەنوسی مەرگی ماکان وادەکات فەرەنگیس بڵێ« مامۆستا منی بەم ڕۆژە گەیاندو ئەم چاوانە هی من نین»

ماکان ئەو کەسەی هەموو قوربانییەکی دا، لەپێناو ڕزگاری وڵات و بەدیهێنانی ئازادی و کاری سیاسی و زۆریش عاشق بوو بە فەرەنگیس، تا ئەو ڕادەیەی تابلۆیەك بۆ چاوەکانی فەرەنگیس بکێشێت و ناوی بنێت تابلۆی (چاوەکانی).

عشقی ماکان بۆ فەرەنگیس هێندە سیحراویە، ئەوکاتەش ماکان دووردەخرێتەوە بۆ کەلات و لەغوربەت فەرەنگیسی لەیاد ناچێت و ئەو تابلۆیە دەکێشێت، ئەگەرچی فەرەنگیس پاش ئەو هەموو سەرکێشی و ڕابوادنە، توشی عشقێکی وەها دەبێت، کەجیاوازە لەعشقەکانی پێشوو، کەپڕبوون لەسەفاو ڕابواردن و کات بەسەربردن.

«عشقێك پڕ لەژان و كێشەو مەترسی و بێ ئەنجام، بەڵام گەورەو جوان و شایستەی ئازارو قوربانیدان و بەشداری لەچالاكی سیاسی و گیان بەخشین و قوربانیداندا» ماكان لەماڵێكدا لەتاران دەژیا، جگە لەئاغا ڕەجەب و مناڵەكانی و هاوڕێ نزیكەكانی گروپەكەی دژی شا، تێكەڵاوی كەسی نەدەكردو حەزی نەدەكرد كەسیش بەكارەكانی بزانێت، بەڵام ڕۆژگار بەكچێك ئاشنایدەكات.

كە لە زۆر بواری ژیان و عشق... جیاوازبوون، ئەویش (فەرەنگیسە).

«سەرئەنجام مامۆستا بە تابلۆیەك، گشت ئەو عشق و یادگاریانەی نەخشاند، تا دیاریەكی بۆ بنرێت و بۆی بسەلمێنێت، كە فەرەنگیسی چەند خۆشویستووە، بەڵام سەرئەنجام مامۆستا بەدوو داخەوە مرد، ئەویش نە ئازادی هاتەدی و نە فەرەنگیش كەتا سەر بۆ ئەو بوو»

وا دیارە مامۆستا زۆر كەیفی بەوێنەی فەرەنگیس هاتووە، چونكە خۆی دەڵێ ئەوكاتەی خەیڵتاش وەزیری شا لێی پرسی! مامۆستا حەزناكەن وێنەیەكی شا بكێشن؟

مامۆستا تەبعی خۆی وابوو، هەمووشتەكانی نهێنی بن، هەربۆیە كەس نەیدەزانی ئەو چاوانە هی چ كچێك- یان خۆشەویستێكی ئەون، بەڵام دواتر ئەو كەسە دەدۆزرێتەوە، كەتابلۆی چاوەكانی بۆ كێشراوە، ئەویش فەرەنگیسەو لێرەوە لەناو ڕۆمانەكەدا، فەرەنگیس دەكەوێتە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی و عاشقبوونی ماكان و بەسەرهاتی ڕۆژانەی گەنجی خۆی و كەیف و سەفاو ڕابواردن و سەفەرو گەشتەكانی بۆ پاریس.

فەرەنگیس خۆی ئەوە دەدركێنێ، كەچەند كاریگەری مامۆستا ماكانی لەسەرە، چۆن هیچ كەس وەكو ماكان نەچووەتە خوێنیەوە، كەسیشی وەكو مامۆستا خۆشی نەویستوەو قوربانییشی بۆ نەداوە، بەڵام ئامادەبووە هەموو شتێك بكات، تەنها لەپێناو ئەوەی مامۆستا ماكان خۆشی بوێت و بڕوای پێبكات.

لەم ڕۆمانەدا گوێمان لە دانپیانانی فەرەنگیس دەبێ، كەپڕن لەجوانترین وشەكان، پڕن لە زۆرترین قوربانی، لەپێناو خۆشەویستەكەیدا بۆ (ماكان).

كەمن ئەو عاشقانەی= یان ئەو كچانەی ئەوەندە قوربانی ئەدەن و ئامادەن هەموو ئیعترافێك بكەن، تەنهاو تەنها لەپێناو عشقدا، بەڵام فەرەنگیس ئازادانەو ئازایانە ئەم هەموو شتانە بەیان دەكات، تا بزانین ئەوەی كە ماكان كردوویەتی زۆر كەمە لەبەرامبەر عشق فەرەنگیس، بۆی تا ئەو رادەیەی دەست لەهەموو هەوەسبازی و سەفاو ڕابواردن هەڵگرێت و شووبكات و تەڵاق وەرگرێت و زۆرشتی تر، تەنها لەپێناو ئەوەی ماكان بڕوای پێبكات، بەڵام دیارە فەرەنگیس لەبێ ئاگامبوونی عشق و كۆتایی نەهاتنی شەڕە جوانەكانی نێوانیان و لە تورەبوونی لەژیان و لەتێڕوانینی لەبەرامبەر گەورەیی ماكاندا دەڵێ« ئەم چاوانە هی من نین»

یان ڕەنگە واهەستبكات، چاوەكانی ئەم مامۆستایان بەوچارەنووسە گەیاندبێ، بەڵام دیارە كە مامۆستا دەیەوێت لەچاوی فەرەنگیسەوە عشق و ستەم و چەساوندنەوەو ڕابردوو داهاتوو بەیان بكات.

هەركەس ڕۆمانەكە دەخوێنێتەوە، تێدەگات فەرەنگیس دوو مرۆڤی جیاوازە، جارێك پێش ئەوەی ماكان بناسێت، هەوەسبازو بێ كەسایەتی و بەردەوام لەڕابواردن و سەفەر، دوای ئەوەش كە ماكان دەناسێت، كچێكی شۆڕشگێڕ شەرافەت مەندو عاشق و قوربانیدەرو پاكیزەو بە ئەمەك و عاشقی مامۆستا.

بەداخەوە سیستمی دیكتاتۆرو داپڵۆسین و ئازارو ئەشكەنجە، هەرگیز نەیهێشت نەمامۆستا بژی و نەفەرەنگیس بەرامبەر پیاوێك و عاشقێك بەختەوەربێت و لەئامێزی گەرمیدا تامی بەختەوەری بكات»

هەر بۆیە دواجار فەرەنگیس سەبارەت بە ماكان دەڵێ « ماكان كەسێتیەكی سەیری هەبوو- یان دەبوو خۆشت بویستایە، یان پێتەوەبدایە)

سەرنجبدەن كچێك كە هەمیشە بەدوای تۆڵەدا گەڕاوە لەپیاوان و كوڕان، كەسێتیەكی سادیزمانەی هەبوو، ئێستا ناتوانێ ئازاری ماكان بدات و تۆڵەی كوڕەكانی تری لێبكاتەوە، بەناچاری پەنای بردووەتەبەر ئەوەی خۆشی بوێت و كاتێك خۆشەویستیش شوێنی شتە ناشیرینەكان دەگرێتەوە، هەموو دنیا جوان دەكات.

بۆیە فەرەنگیس سەبارەت بەدواین چارەنووسی خۆیی و خۆشەویستەكەی، مامۆستا ماكان كەلە زینداندایە دەڵێ» ماكان لەژوورەكەی ئەو دیوو لەگەڵ سەرهەنگ ئارام سەرۆكی ئاسایش قسەیاندەكردو منیش لەودیوەوە گوێمگرتبوو، دوایی لەگەڵ ئەفسەرێك و دووكەسی تر پەلیانگرت و بردیان بۆ زیندان، ئەوە دواین جاربوو بینیم، بەڵام نموونەی ئافرەتی وەكو من زۆرن، كە ژیانیان بووەتە قوربانی هەواو هەوەسی پیاوانی ئەم زەلكاوە.

دواین قسەی فەرەنگیس لەم ڕۆمانەدا ئەوەیە، كە دەڵێ« مامۆستاكەی ئێوە بەهەڵەدا چووە ئەم چاوانە هی من نین»

ئەوەی ماوە لەسەر ئەم ڕۆمانە بینووسم بۆ كاتێكی تر، كەدێنێت زیاترو زۆرتر قسەی لەسەر بكرێت.

سوپاس و پێزانینم بۆ ئازادبەرزنجی، كە یەكێك لەجوانترین كارەكانی بوزوگی عەلەوی وەرگێڕاوەو چاپكردنەوەشی بۆ جاری هەشتەم و نۆیەم ئاماژەیەكن بۆ چاكی ڕۆمانەكەو جوانی وەرگێڕانەكەی.

ڕانان



# چاپکراوی نوێ



کتێبی (گۆرانییەکانی مانگی مارت
دووتوێی (106) لاپەڕەدا بە تیراژی (1000) دانە لە چاپخانەی (کارۆ) چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
پشکۆ نەجمەدین لە پێشەکی ئەم کتێبەدا دەنوسێت: گۆرانییەکانی مانگی مارت لەسەر دەروازەی دوا کۆمەڵە شیعری برایم هەورامانی هەڵواسراوەو پێش وەژوورکەوتن رامانەگرێت و لێی ورد دەبینەوە.
گۆرانییەکان بۆ لە مانگی مارتدا؟ مارت، سیمبول و ئاماژەیە بۆ مانگێك کە لە مێژووی ژیانی هەورامانی هەڵەبجەیی و لە مێژووی سیاسی هەموو کوردیشدا، مانایەکی فرە رەهەندی هەیە. رەهەندە تراژیدییەکانی مانگی مارت و رەهەندە خۆشبینی و گەشبینیەکانیشی دەشێ ببنە مەکۆی گۆرانییەکانی ئێمە بۆ ئازارو مەرگ، بۆ کارەسات و وێرانکاری، بۆ نامۆیی و لێکدابران، بۆ غوربەت و لە خود و لە دەوروبەر تەوەلا بوون.



کتێبی (با مانگ نەزانێت تۆم خۆشدەوێت
دوو توێی (116) لاپەڕەدا لە چاپخانەی کارۆ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
پشکۆ نەجمەدین لەبارەی شیعرەکانی ئیبراهیم هەورامانییەوە دەڵێت: بۆ خوێنەر ناونیشان کلیلی دەروازەی دەقی شیعرییە و هەندەك جاریش خودی دەروازەکەیە کە بە رەنگ و ریتم و وێنەکانی، تاپۆی تابلۆکانی نێو ماڵی شیعرمان نیشاندەدات و بۆ گەیشتن بە گەلەریی وێنەکان پەلکێشمان دەکات.




کتێبی (گێلە گەمژەیی لە کۆمەڵگەی نمایشدا
یە، وەرگێڕانی ماجید نووری لە دووتوێی (164) لاپەڕەدا بە تیراژی (500) دانە بڵاوکراوەتەوە.
بابەتەکانی عەبدولسەلام بن عەبد عالی بیرمەند و رۆشنبیری پێوەندییان بە رێبازگەیەك یان تەوژمێکی فەلسەفیانەی دیاریکراوەوە نییە، تێکرای بابەتەکان لەناو جوغزی بیرکردنەوەی فەلسەفیدان، ئەو فەلسەفەیە نا کە لە ناو هۆڵی زانکۆکان وەك مێژووی فەلسەفە دەخوێنرێت، چونکە ئەو بەشێوەیەك بیردەکاتەوە کە زۆرجار میتافیزیك تێپەڕێنێت، لەناو مێژووی کەینونەیی ناخی خۆیەوە بۆ بابەتەکان دەڕوانێت، لەزاتی خۆی دوور نەکەوتۆتەوە.

کتێبی (چیرۆکەکانی شکسپیر
فارسییەوە: ڕێباز مستەفا، لە دووتوێی کتێبێکی قەبارە گەورەی (374) لاپەڕەییدا بە تیراژی (1000) دانە لەلایەن ناوەندی (ئاوێر)ەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
ئامانج لەم چیرۆکانەی کە لەم کتێبەدا دەیخوێننەوە ئەوەیە خوێنەرە گەنجەکان لەگەڵ بەرهەمەکانی شکسپیردا ئاشنابن بۆ ئەو کەسانەی کە بەهەر هۆکارێکەوە بێت دەرفەتی خوێندنەوەی شانۆنامە جیاجیاو پڕ قەبارەکانی ئەو ناودارترین شانۆنامەنووسە جیهانیەیان نییە، دەرفەتێك فەراهەم ببێت، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە تا بۆمان کرابێت سودمان لەو ڕستانە وەرگرتوە کە لە شانۆنامەکانی شکسپیردا هاتوون، و لە زیادکردنی ئەو باس و بابەتانە کە بۆ ڕێکخستن و پوختەکردنی چیرۆکێکی تەواو پێویستن. وردبینیەکی زۆر کراوە کە زیان بە بابەت و دیدگاکانی کاری شکسپیر نەگەیەندرێت.




ڕۆمانی (تا تۆ دێیتەوە 78) لاپەڕەدا لە چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپکراوە.
ئەم نوسینەی بەردەستان کە خۆی دەبینێتەوە لە کورتە ڕۆمانێك، پاداشتی چاکەی ئەوینداری ڕاستەقینەیە کە لەناو ناخ دروست دەبێت و فیداکاری ڕۆح شاد دەکات، خۆ ئیتر ئێمە ئێستا دەژین بۆیە دەبێت بە عەشقەوە بژین و لە حەقیقەتی ڕاستی عاشق بوون بگەین.




ڕۆمانی (گەڕان بۆ کاتی لە دەستچوو
مارسێل پروست، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە سیامەند شاسواری. لە دووتوێی (750) لاپەڕەدا بە تیراژی (1000) دانە لەلایەن (ناوەندی غەزەلنوس) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپکراوە.
زۆربەی ڕەخنەگران (گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو) بە فراوانی واتای وشە بە ڕۆمانی مۆدێرن ئەزانن. ڕۆمانێك کە بە جەختکردن لەسەر ڕووداو و یادەوەری «چەقبەستن لەسەر پەیوەندی نێوان ئەزموون و نووسین و بەرداشت دەکا بە یەکێك لە بنەماکانی ڕۆمانی مۆدێرن. ڕۆمانێك کە پڕە لە یادەوەری ناخودئاگا و بە ئەزموونی هەستەوەری وەکو دەنگ و بۆن ئەورووژێنن و، ژیل دیلۆز، دەڵێت: گرنگی جەختکردنی پروست لەسەر یادەوەری و ڕابوردوو. بۆ تێگەیشتن و سوود وەرگرتن لە هێماکانە و لە ئەنجامدا پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژەڤ و هونەرمەندبووندا هەیە.




